# شەقلاوە

٣٠ی ٩ی ١٩٩٠

شارۆچکەی جوانی رەنگاو رەنگینم
بە حەسرەت ئەمرم ساتێ نەتبینم

سەفین سەوز و شین سەختی بەفرینم
تۆی سەرچاوەی ئاو هەناسەی ژینم

وەنەوشە و بەیبوون گوڵزار و رەیحان
سارێژ دەکا گشت ئازاری گیان

دار و درەختت کەسك و سەوز و شین
سەریان تێکناوە لە باخچەی بەرین

دێنێتە خرۆش هەستی پەشۆکاو
لادەبا غەم و میحنەت و ژاکاو